# شەراب خواردنەوە لە سوید دا <u>تاوانە</u> ؟!

رۆژی 5/ 11/ 2007 رادیۆی کوردی زایەڵە، رادیۆی فەرمی سوید لە درێژەی بەرنامەکەیدا کوتی:

**بەڵام ئیزنم بدەن بە کورتی چاوێک بەو گرفتە گەورانەدا بخشێنین کە بۆ حکومەتی Fredrik Reinfeldt هاتووەتە پێشەوە. .......... یەکی نوڤەمبری** 2007 **Ulrica Schenström سکرێتێری دەوڵەت لە دیوانی سەرۆکوەزیری دا دەستی لە کار کێشایەوە، لەبەر ئەوە لەگەڵ رۆژنامەوانێکی کاناڵی** 4**ی تەلەڤیزیۆنی سوید شەرابی خواردبوەوە.**

پەخشی ئەو هەواڵە لە رادیۆیەکی فەرمی دەولەتیدا تا رادەیەک جێگەی سەرسورمانە. لێرەدا زۆر بە کورتی چاوێک دەگێڕین بە رابردووی سویددا.

وەک ئەزانین لە نەخشەی جهاندا وڵاتیک هەیە بە ناوی سوید، کە ستۆکهۆڵم پێتەختیەتی. سوید وڵاتێکی پیشەسازییە، لە فەرهەنگ و کولتوردا گەڵێ دەوڵەمەندە. لە باری ئایینیەوە هەر کەس ئازادە چ ئایینێکی هەبی، یا نەبێ، بەڵام زۆربەی خەڵکی سوید **<u>مەسیحین</u>**.

لە باری سیاسییەوە هەر چەشنە ئیدئۆلۆژییەک ئازادە. سیستمی دەولەتی سوید پادشاییە، بەڵام پادشاه دەسەڵاتی سیاسییە نییە. دەوڵەت لە لایەن ئەو رێکخراوانەوە کە لە هەڵبژاردندا بە پێی دەنگدانی خەڵک سەرکەوتن بەدەس دێنن، پێک دێت و کارەکانی سوید بەڕێوە ئەبەن.

هیچ کەسێک و هیچ دەوڵەتێک نییە لە جهاندا بێ هەڵە و کەموکوڕی بێت! دەوڵەتی سویدیش ناتوانێ لەو بازنە بەدەر بێ. ئەوندەی کە بیرم داوە بە فەرهەنگی خەڵکی سوید و سیستمی سیاسی و دەستووری سوید، لە هەڵە و کەموکوڕی بەرپرسانی دەوڵەتی لە هەر پلەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێت چاوپۆشی ناکەن و **ماس لە موو ئەکێشنەوە.** ئەو وردبینییە بووەتە هۆی گەشە کردنی سوید لە هەموو بوارەکاندا. لەم پرۆسەدا بەرپرسان دەخەنە ژێر پرسیارە.

ئەگەر هەڵەیەکی سادە کە پێوەندی بە تاکە کەسێکەوە بوو بیت، ئەو بەرپرسە دەوڵەتییە ئەبێ ئەو باسە رووکان کاتەوە، ئەگەر پێویست بوو داوای لێبوردن لەو کەسە دەکات، بەڵام ئەگەر کارەکە پێوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە بێت، بە جۆرێکی دیکە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت و تا رادەی دادگایکردن و دەس لە کار کشانەوە دەڕواتە پێشەوە.

لە سەرەتای ئەم چەند دێڕەدا ئاماژە بەوە کرا کە لە باری ئایینییەوە زۆربەی خەڵکی سوید مەسیحین، لە **ئایینی مەسیحیدا <u>شەراب خواردنەوە ئازادە</u>،** لە باری فەرهەنگی کۆمەڵایەتیشدا هەر مرۆڤێک لە **تەمەنی** 18 **سالییەوە ئەتوانێ شەراب، عارەق و ئابجۆ...** لە سیستمبۆلاک کە دووکانی فرۆشتنی ئەو جۆرە شتانەیە بە ئازادی بگرێ و بینۆشێ. هەروەها کچ و کور، پیر و جوان لە رستۆرانەکانی سوید، یا لەماڵەوە بە **ئازادی** پێکەوە شەراب، ئابجۆ .... دەخۆنەوە.

تا ئەو جێگەی نووسەر ئەم چەند دێڕە پرسیوە هۆی دەسکێشانەوەی ئەو کەسە واتە بەڕێز **Ulrica Schenström** لە کارەکەی ئەوە نییە کە لەگەڵ ئەو رۆژنامەوانە شەرابی خواردوەتەوە، بەڵکو هۆکەی ئەوەیە لە **کاتی، کاتی کارەکەیدا کە کارێکی دەوڵەتییە**، شەرابی خواردوەتەوە.

هیوادارم ئەو هەواڵە هەڵە بێ، تا **ئابووری** سوید بێ زیان و **شادی** خەڵکیش پایەدار بێ!

ئەگەر ئەو هەواڵە راست ببێ
سوید و وەک ئێران دەبێ
لە بەر مەی و نەوای نەی
ئاهەنگی **شین** بەرپا دەبێ!

گوێگرێکی رادیۆ زایەڵە و .... سەعی سەقزی – قایشی

2007 /11/6